# ئەنفال کارەسات نیە تاوانە

**عومەرمحەمە**



لەدوالاپەڕی ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) ژمارە (114) بەرواری 2007 /12/10 بابەتێکی کاك بەهرۆز عەلی بەناونیشانی (گەرمنی قوربانی لە جەلادەکەم خۆشبم چ زەرەرێك دەکەم) بەنیشانەی پرسیارەوە بلاوکراوەتەوە.

نوسەر هەم لەرووی یاساییەوە هەم لەرووی واتای ئەنفالو کاریگەریەکانیەوە کەوتووەتە هەڵەی زۆر زەقەوە، کەمن ناپەرژێمە سەرهەموویانو تەنها لەسەر گرنگترینیان دەوەستمو ئەوی تری جێدێڵم.

سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کەئەنفال کارەسات نیە، بەڵکو تاوانە، کەتاوانیشە تاوانێکی ئاسایی نیە، بەڵکو بەپێی رەگەزەکانی ناسینەوەی جینۆساید ئەنفال تاوانی نێودەوڵەتیە، بێگومان تاوانی نیودەوڵەتیش هەم لەباری یاسایەوەو هەم لەرووی سیاسیەوە سنوری کێشەی ناوخۆیی دەبەزێنیو دەترازێتە ناوکێشەی نێودەوڵەتیەوە، واتا تاوانی ئەنفال بەپێی یاسا تاوانێك نیە تەنها پەیوەندیداربێت بەکوردەوە، بەڵکو جۆری سزاکانیش ( تاوانی دژی مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ، تاوانی کۆمەڵکوژی) تاوانی جینۆسایدنو تاوانبارانی ئەنفال بەو تاوانانە سزایان خراوەتە سەرو بەوبەندە یاساییانە لەگومانلێکراو تۆمەتبارەوە بوونە تاوانبار ئەو سێ بەندەش لەیاسای نیودەولەتیەوە هاتوون تاوانباران بەبەڵگەی ئیسپاتی سزادراون .

شەفاعەتکردن، بۆتاوانبارانی ئەنفال تەنها مەسەلەیەکی سیاسیە، دەنا بەپێی بەندی چوارەمی پەیماننامەی نیودەوڵەتی تاوانبارانی جینۆساید شایانی لێبوردن نین، واتا ئەگەربێتو ئێستا نەك هەر خەڵکی عێراق بەگشتی لایەنگری بۆ چوونەکەی کاك بەهرۆز بکەن، بەڵکو هەموو رای گشتی جیهان " بەگریمانە" داوای ئازادکردن یان سوککردنی سزای ئەو سێ تاوانبارەی ئەنفال بکەن، یاسا نایان بورێتو سزاکەشیان کەم ناکاتەوە، چونکە بەپێی ستانداردە یاساییەکانی تاوانی نیودەوڵەتی تاوانباری جینۆساید مافی لێبوردنو پەنادانوحەسانەی سیاسیو ئاینیو کۆمەڵایەتی نیە. جەختکردنەوەی سەرۆك کۆمار یان هەر کەسێکی تری پۆستە سیاسیەکانی عێراق، بۆ لەسێدارەنەدانیان لەیاسا بەدەرەو ناهەقیەکە بە یاساو بەمافی قوربانیانو بەمافی گشتی خەڵکی دەکەن .

هەڵەیەکی تری کاك بەهرۆز مەسەلەی تاونو لێبوردەیی جەلادو قوربانیە، ئەو جەلادەکانی ئەنفالی وەکو تاوانباری ئاسایی تەماشاکردووە، لەکاتێکدا ئەوان تەنها بکوژنین، بەڵکو وێرانکەری ژینگەو مێژوو کەلتوری کوردیشن، بۆیە لێبوردەیی شتێکەو سزای یاساییو مافی گشتی خەڵکیش شتێکی ترە، لێبوردن نابێت لەسەرحاسابی یاساو مافی قوربانی بێت، چەمکی لێبوردەیی کەرامەتو حورمەت بۆمرۆڤ دەستەبەردەکات، بەهای دادگاو یاساکانی کەم ناکاتەوە؟! ئەم لێبوردنەی کاك بەهرۆز باسی دەکات سوکایەتی بەیاساو هەیبەتی دادوەریو بێرێزیکردن بەقوربانی لێدەکەوێتەوە.

نابێت ئەوە لەبیر بکەین تاوانی ئەنفال تەنها پێشیلکاری نیە بەرانبەر بەکورد، بەڵکو مەترسیدارترین جۆری پێشیلکاریە بەرانبەر بەکۆی مرۆڤایەتی، سوکایەتی کردنە بەجارنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ، پێشیلکردنی ڕیکەوتنامەی ساڵی 1948ی نەتەوەیەکگرتووەکانە بۆ قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید، راستەکورد قوربانی یەکەمە بەڵام بەخشینونەبەخشینی تاوانباری جینۆساید لەدەست قوربانیدانیە، تەنانەت لەدەست سەرۆکی دەوڵەتیش دانیە، دوای ئەوە خۆ جەلاد هەر ئەو سێ تاوانبارانە نین، تاوانی ئەنفال تاوانێکی سیستماتیکەو دەوڵەتیی عێراقو چەندین کۆمپانیای جیهانی تیایدا بەشدارن .

لەدوپرسیارەکەی کاك بەهرۆزدا دوفاقیەکی سەیر هەیە؟ جەلاد لەکوێ هەقی لێبوردنی هەیە؟ ئەوەی مافی جەلادە لێپرسینەوەیەتی بەپێی یاسا، ئەوەی مافی دادگاکەشە دیاری کردنی چۆنێتی تاوانو سزاکەیەتی، نەك لێبوردن..!!ئەگەر جەلاد لەسێدارەنەدرێت بێگومان زەرەری گەورە بەکوردو کۆی عێراقیەکان دەگات، هەیبەتی دادوەری سوکایەتی پێدەکرێو مافی قوربانی جارێکی تر دەبێتەوە قوربانی هەیبەتی جەلاد،مافی قوربانی ژێرپێدەنرێو مافی جەلاد باڵادەست دەبێتەوە..! لەگەڵ ئەوەدام جەلاد لەسێدارە نەدرێت، بەڵام ناشێت سزاکەی سوکبکرێتو بەبێ سزا دەرچێ، ئەوەی بەتوندی مایەی رەخنەلێگرتنە گوزارەی ( هەڵانانەوەیە) کوا خەڵك هەڵای ناوەتەوە وەکو کاك بەهرۆز گوزارشتی لێکردووە ؟! نەخێر خەڵك داوای جێبەجێکردنی بریاری دادگا دەکات، ئەوە دادگایە بریاری لەسیدارەدانی داوە، نەك خەڵکی هەڵایان نابێتەوەو بەسۆزو عاتیەفەو بەنامەنتقیوهەرەمەکی داوای کوشتنی جەلادبکەن. مەگەر بریاری دادگاش هەڵانانەوەیە؟